# کاتێک شاعیران بێدەنگی هەڵدەبژێرن

دیلان قادر



١٥ی تەمووز ٢٠٢٢ وتار

له دەوروزەمانێکدا کە ئاخاوتن و بەکارهێنانی بەردەوامی زمان زۆر جێی تەنیوە، هەر لە شاشەکانی تەلەڤزیۆن و مۆبایلەوە بێت کە سیخناخن بە هەواڵ و فیلم و زنجیرە و تۆماری ڕۆژانەی ژیانی خەڵکی، هەتاوەکوو ترنجانی زیاتر

و زیاتری دانیشتووان لەنێو شارەکان و بەوەش بەریەککەوتنی بەردەواممان بە قسەکردنی کەسانی دی لەنێو پاس و لە ئۆفیس و لە بازاڕ و هەتا دەگاتە بیستنی دراوسێکان، لە سەردەمێکی وەهادا کە قسەیەکی هێجگار زۆر بەرهەم دێت، کە بێدەنگی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە یاد کراوە، دەکرێت چی لەسەر بێدەنگی بوترێت؟ بێدەنگی لە ئێستادا نەک هەر جێگای سەرنجلێدان نییە، بەڵکوو دەرفەتی خوددەربڕین و گێڕانەوەی ئەزموون و ئاماژەدان بە نادادپەروەری و توندوتیژی مانایەکی نێگەتیڤیان بە بێدەنگی بەخشیوە. لە جێیەکی وەکوو نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبژاردنی بێدەنگی و دەرنەبڕینی ڕا دەربارەی پرسێک دەکرێت بە گومان و لاوازی و سووکییەوە تەماشا بکرێت، لەنێوان کەسە نزیکەکانیش، بۆ نموونە لەنێوان دوو کەس کە لە خۆشەویستیدان، بێدەنگی جێگەی ترس و نادڵنیاییە و زۆر جار لەگەڵ بێدەنگبوونی کەسێکدا کەسی بەرامبەر لێ دەپرسێت: بیر لە چی ئەکەیتەوە؟ لە هەمان کاتیشدا ساڵانە هەزارەها کتێبی یادەوەری بڵاو دەکرێنەوە و ڕۆژانە ملیۆنان کەس لە میدیای جیاوازەوە باسی ژیانی خۆیانمان بۆ دەکەن، بە چەشنێک، ئەوانەمان کە وەرگر و بیسەری گێڕانەوەی کەسانی ترین، دەڕۆین بۆ لای هاوڕێکانمان یاخود دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە و هەمدیسان چیرۆکی ئەو کەسانە دەگێڕینەوە. ڕەنگە سەرکێشییەکی بێوێنە نەبێت گەر بوترێت ئێستامان سەردەمی پۆست-بێدەنگییە.

ئەمە بەو مانایە نایەت کە تەنها لە ئێستادایە چاخی زێڕینی بێدەنگی لێمان کشاوەتەوە. بێدەنگی هیچکات ڕۆژانێکی پرشنگداری بە خۆیەوە نەبینیوە و ڕەنگە دەماودەمیش لەگەڵ خۆرهەڵاتنی مرۆڤایەتیدا سیفەتی نەخوازراوی درابێتە پاڵ و دۆخی ترسهێنی وەکوو مەرگ و گۆڕی بە بیری مرۆڤەکان

خستبێتەوە، هەروەک چۆن لە ئێستاشدا هەر هەمان وێنە و هەستوسۆز دەدرێتە پاڵی. ئەوەی لە ئێستادا بە زەقی بەری دەکەوین بەستنەوەی بێدەنگییە بە نەبوونەوە، وەکئەوەی قسەنەکردن و ڕادەرنەبڕین و بەشدارینەکردن لە ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی یەکسان بێت بە کشانەوە لە جیهان. بە مانایەکی تر، لە سەردەمی ئێستادا هەستێکی زاڵ و بەربڵاو هەیە کە ژیانی مانادار ژیانێکە کە ئەوانی تر بیبینن و دەربارەی بزانن و ببیستن، وەکئەوەی گەر ساتە بچووک و گەورەکانی ژیانمان بە وێنە و ڤیدیۆ و نووسین و قسەکردن بەوانی تر نەگەیەنین ئەوە ئەو ساتانە نەژیاوین. لە ئێستاماندا دەکرێت وتەکەی سوقرات کە دەڵێت "ژیانی تاقی نەکراوە شایستەی ژیانکردن نییە" دەستکاری بکرێت و ڕەنگە هیچ بێڕێزییەک لەوەدا نەبێت وتەکە بۆ سەردەمی ئێستامان بگونجێنین و بە خوێچێشێکی گومانگەرانەوە وەها دایبڕێژینەوە کە "ژیانێکی قسەلەسەرنەکراو و تێبینی نەکراو لەلایەن ئەوانی ترەوە شایستەی ژیانکردن نییە."

بەڵام با لەسەر هێڵی باسەکە بمێنمەوە و بپرسم لە سەردەمی پۆست-بێدەنگیدا دەکرێت بێدەنگی چ پێگەیەکی هەبێت؟ من لە ژیاندا ڕێم لە دوو جۆر مرۆڤی تەواو پێچەوانە کەوتووە، لەلایەک ئەوانەی لە بێدەنگی سڵ دەکەنەوە، لەلایەکی دی ئەوانەی لە بێدەنگیدا ئارامی دەدۆزنەوە. جۆری یەکەم ئەوانەن کە گەر لە ماڵێکدا بە تەنها خۆیان دۆزییەوە، پێویستیان بەوەیە تەلەڤزیۆنێک، ڕادیۆیەک یان ئامێرێک داگیرسابێت و دەنگی لێوە بێت. جۆری دووەم ئەوانەن خۆشترین چرکەساتی ڕۆژانەیان ئەو ساتانەن کە ژاوەژاوی دەرەوە خۆی بە ماڵیاندا ناکات و بەفرگرەکە گمەی نایەت و دەنگی سەیارە لە پەنجەرەکەیانەوە خۆی بە ژووردا ناکات و منداڵەکانی دراوسێ نووکەیان لێوە نایەت. بێگومان لەنێوان

ئەم دوو جۆرە دژە لە مرۆڤ لە پەیوەندیدا بە بێدەنگی، ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ هەن کە هەم خۆشـی لە برێک قەرەباڵغی و هەم ئاسـوودەیی لە برێک بێدەنگی وەردەگرن. بە باسکردنی پەیوەندیی کەسـەکان بە بێدەنگییەوە مەبەستمە ئەوە بڵێم کە هەریەک لە ئێمە هەڵوێسـتێکی تایبەت بە خۆمان بەرامبەر بە بێدەنگی هەیە. هەروەکوو چۆن دەشێت بە سروشتمان حەزمان بە گەرما یاخود سەرما بێت، حەزمان بە ڕووناکی یاخود تاریکی بێت، بە هەمان شـێوەش هەریەکەمان بونیـادێکی تـایبەت بە خۆمـان دەربـارەی پەیوەنـدیمـان بە بێـدەنگی تێـدایە. وەکچۆن سـەرما و گەرما و تاریکی و ڕووناکیش واقیعی هەسـتپێکراون کە پەیوەندیمان بە جیهانەوە و شـووناسـمان دیاری دەکەن، بێدەنگیش لای هەر یەکێکمان واقیعێکە، واقیعێک کە دەکرێت لە بارەیەوە بدوێین، بەڵام دواجار بە خودێتی خۆمانەوە ئەزموونی دەکەین.

یەکێک لە سیما دیارەکانی بێدەنگی ئەوەیە لەگەڵ ناوهێنانیدا وێنەی کەسانێکمان دێتە بەرچاو کە دەکرێت لە دوور و نزیکەوە بیانناسـین، ئەو کەسـانەش لە زۆربەی بارەکاندا دەکرێت ژمارەیەک لە ڕاهیبە بودییەکان، یاخود کەسـانی تەنیا و کەنارگیر، یاخود شـاعیران بن. سـەروکاری من لێرەدا لەگەڵ شـاعیرانە چونکە شـاعیران بە هەڵبژاردنی بێدەنگی کۆمەکمان دەکەن بەوەی نەک هەر لە مـانـا و گرنگیی بێـدەنگی نزیکتر ببینەوە، بەڵکوو کەمێک لەوە تێبگەین چۆن هەڵبژاردنی بێدەنگی لەلایەن شـاعیرانەوە خزمەت بە زمان و دەربڕین دەکات. شـاعیران هەم لە بێدەنگیدا دەژین و هەم لە ڕێگای شـیعرەکانیانەوە پیشـانمان دەدەن بێدەنگی لەلایان چ پێگەیەکی هەیە. "دیار سۆفی" شاعیر لە کتێبی "زمانم دەکێشمەوە"دا لە جێیەکدا دەنووسێت:

"ڕۆژگار قەرەباڵغ بووە

مرۆڤەکان هەڵدەکوتنە سەر تەنیایی یەکتر

سەرم لەم پرسیارە زۆرانە دەرناچێ

زمانم دەکێشمەوە لە وتن."[1]

ئێمە لەو دێڕانەی سەرەوە بەر وێنەی کەسێک دەکەوین کە بە کشاندنەوەی زمانی، بە بڕیاردانی بۆ بەشداری نەکردن لە کردەی ئاخاوتن لەگەڵ کەسانی تردا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و پرسیارێکی سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە شاعیران بۆچی هەندێجار بێدەنگی هەڵدەبژێرن و مانای چییە بە شیعر ئەوەمان پێ دەڵێن و لە شیعرنووسین بەردەوامن؟

من باوەڕم بەوەیە خەسڵەتێکی زمانکشاندنەوەی شاعیران لەوەدایە بێدەنگبوونی شاعیران یەکسان نییە بە ڕەتکردنەوەی توانستی بێپایانی زمان یاخود بە درێژنەکردنەوەی پانتاییی دەربڕین. بە پێچەوانەوە، شاعیران کاتێک بێدەنگی هەڵدەبژێرن هەڵبژاردنەکە لە خزمەتی زمان و دەربڕیندایە. ڕەنگە دژیەکییەک بەو دوو لایەنەوە دەربکەوێت، بەوەی چۆن بێدەنگبوون خزمەت بە دەربڕین دەکات؟ لە ڕاستیدا هیچ دژیەکییەک لە ئارادا نییە گەر ئەوە بهێنینەوە یادمان کە کردەی ئاخاوتن تەنها فۆڕمێکی پیادەکردنی زمانە و لە سەردەمی ئێستاماندا شیعر زیاتر کردەیەکی زمانەوانیی نووسراو و خوێندراوە نەک وتراو. وەکو "دیار سۆفی" لە جێیەکی تردا دەنووسێت:

1 دیار سۆفی، زمانم دەکێشمەوە، لاپەڕە ٥٤. وەشانی نووسیار، ٢٠٢١.

"له بیری جیهان چوومەتەوە

لەناو چۆڵەوانی خۆمدا پیاسە دەکەم

وادەکات درەنگتر خۆمم بیر بچێت."[2]

هەروەها، شاعیران کە لە ئاخاوتن خۆیان بەدوور دەگرن ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت ئەوان لە ســـاتەوەختێکدا دەژین کە ئەوەی هەیە غەڵبەغەڵب و فرەبێژییە، نەوەک دەربڕین و گوزارشـتکردن لەوەی جودا و ناوازە و تاکەکەسـییە، هەر بۆیە شاعیران لە زۆربڵێیی چواردەوریان دەکشێنەوە بەبێ ئەوەی لە کارکردن بۆ فراوانکردنی ئاســـۆکانی زمان و دەربڕین ڕابووەســـتن. بە مانایەکی تر، هەندێجار ئەنتیدۆتی (چارەی) ژاوەژاو و لێک تێنەگەیشـتن بێدەنگییە. لە لایەکی تریش، جوانییەکی بەرچاو لە بێدەنگیدا هەیە. من هەمیشـە جوانیی ئەو ساتانەم لەپێش چاوە کە تیایدا دوو هاوڕێ و دوو خۆشـەویسـت و دوو کەس هێندەی چێژوەرگرتن لە گفتوگۆ و گـاڵتەوگەپ و پێکەنینیـان چێژ لە چرکە و خولەکە خامۆشـــەکانی نێوانیان وەردەگرن. لە ڕاســـتیدا هەندێک کۆمنیکەیشـــن هەن بێدەنگی پێشـــمەرجی ڕوودانیانە، بۆ نموونە ئەســـتەمە پڕاوپڕ نیگای کەســـی بەرامبەر بهێنیتە نێو خۆت گەر لە ساتی سەیرکردنیدا خەریکی قسەکردن بیت، هەرچۆن ئەســتەمە درک بە ڕیتم و میوزیکی نێو هەڵکردنی با و لێکخشــاندنی گەڵا و ترپەی باران بکرێت گەر بێدەنگییەک لە ئارادا نەبێت. "**چارلز سـیمیک**"ی شاعیر لە شیعرێکیدا دەڵێت:

"گەیشتم بە کێڵگەیەک

[2] دیار سۆفی، زمانم دەکێشمەوە، لاپەڕە ١٤. وەشانی نووسیار، ٢٠٢١.

گژوگیاکەی بێدەنگی بوو

گوڵەکانیش

وشە"[3]

هۆیەکی دی بە هۆیەوە دەکرێت شاعیران بێدەنگی هەڵبژێرن ئەوەیە شاعیران کەسانێکی بریندارن. شاعیری ئەمریکی "**تۆنی هۆگلاند**" یەکێکە لەوانەی بەڕوونی شاعیربوون بە برینداربوونەوە گرێ دەدات و شاعیر وەکوو "هاووڵاتییەکی بریندار"[4] ناوزەند دەکات. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەوانی ترمان بریندار نین. لە ڕاستیدا هەر یەک لە ئێمە هەڵگری ژمارەیەک برین و جێبرینی بینراو و نەبینراوین. شاعیرانیش وەکوو ئەوانی ترمان بریندارن، ڕەنگە بەو جیاوازییەی، وەک هۆگلاند دەڵێت، شاعیر کەسێکە برینی خۆی بە شیعر دەردەبڕێت و ئەو دێڕێک لە شیعرێکی "سیزار ڤاییهۆ" دەهێنێتەوە، ئەو دێڕەی دەڵێت:

"ئەو ڕۆژەی لەدایک بووم، خودا خراپ نەخۆش کەوتبوو."

هۆگلاند دەڵێت هەستکردنێک یان بیرۆکەیەک لەو دێڕەدایە کە ڕەنگە سەرتاپای ژیانی هەستی پێ کردبێت، بەڵام هەرگیز ئاواهی پێشتر بە وتراوی ڕێی لێ نەکەوتبێت. لای هۆگلاند ئەو دێڕە دەکرێت ڕۆڵی ئەو پارچەیە ببینێت کە بۆ

---

[3] Charles Simic, Dismantling The Silence, p.6. George Braziller. 1971.

[4] Tony Hoagland: Articulate Deformity: Poet as a Wounded Citizen. Chicago Ideas. Youtube: https://www.youtube.com/watch?v=hqantlF-FgY&ab_channel=ChicagoIdeas. Jan 7, 2013.

چارەسەکردنی نهێنییەکی بوون پێویستمان پێیەتی. نزیک لە باسی برینداربوونی شاعیریش "دیار سۆفی" دەنووسێت:

"خەڵکی زۆر لە تەنیشتمدا دەژین

جۆرێکن لە ئاسن

کاتێک بەرمدەکەون

بەشێک لە یادەوەریم دادەماڵن.

بەڵام من برینی خۆمم خۆشدەوێت

دەتوانم وەریبگێڕم بۆ شیعر.[5]

دیارە وەڵامی ڕاشکاوی ئەو پرسیارەی بۆچی شاعیران یان هەرچ کەسێکی تر بریندارن ئەوەیە کە شاعیران ئازاریان هەیە، کە شتگەلێک هەن ئازاریان پێدەگەیەنن و برینداریان دەکەن. لێرەوە خەسڵەتێکی بەرچاو لە شیعردا بەسەرکردنەوەی برین و ئازارە، وەکئەوەی شیعر چالاکییەک بێت لە ڕێگەیەوە بە چەندین شێواز و لە هەموو سەردەمێکدا بەوە ئاشنا دەبین کە هەر یەکێک لە ئێمە لە برین و ئازارەکانی تەنیا نییە. لە ئاشنابوون بەوەی کەسانی تریش وەکوو ئێمە بریندارن دەکرێت بڕێک دڵنەوایی دەست بکەوێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەرکی شیعر دڵنەواییکردنە و شیعر وەزیفەی کۆمەڵایەتی هەیە. من باوەڕم بەوە نییە شیعر چالاکییەک بێت کە مەرجی هاتنەئارای جێبەجێکردنی ژمارەیەک ئەرکی پێشوەخت دیاریکراو بێت. شیعر هەر کاردانەوە و کاریگەرییەکی هەبێت، ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر لە خولەکی خولقاندنیدا

5 دیار سۆفی، زمانم دەکێشمەوە، لاپەڕە ٩. وەشانی نووسیار، ٢٠٢١.

بەمەبەست و ئاگامەندانە کاری لەسەر ئەو کاردانەوە و کاریگەرییانە کردووە. شاعیران بە پاڵنەری جودا و بە میتۆدی جودا کار لەسەر شیعر دەکەن و من باوەڕم بەوەیە دارِشتنی شیعری دۆخێکە تیایدا شاعیر لەوپەڕی تەنیایی و تاکێتیی خۆیدا، واتە بەدەر لە چاوی ئەوی دی، دەتوانێت شیعر بهێنێتە بەرهەم.

پرسی برینداربوون و ئازارکێشان ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە هۆکارەکانی برینداربوون و ئازارکێشانەوە. ئازاری خۆشەویستی و دابڕان، برینی شەڕ و براکوژی، خەفەتی لە بەهەشت دەرکردنی مرۆڤ و ڕەشوڕووتی و نەداری و مەرگ و چەندین دۆخ و ئەزموونی دیکە بە درێژاییی هەزاران ساڵە هاتوونەتە شیعرەوە، بەڵام ئەوەی تاڕادەیەک نوێیە و کەمتر خۆی هاویشتۆتە شیعرەوە ئازاری ئیشکردنە. ئیشکردن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەکوو درەختێکی خۆسەپێنەر لقوپۆپی بە هەموو ئاستەکانی ژیاندا پەلیکێشاوە و خۆی وەکوو پێشمەرجی ژیان پێشکەش دەکات. من لێرەدا مەبەستم لە جۆرە ئیشێکە کە مرۆڤ مەحکوم دەکات بە بیرنەکردنەوە، دۆخێک کە مرۆڤ بە هۆی هەشت بۆ دوانزە کاتژمێر ئیشکردنی ڕۆژانەوە ئیشکردن وەها سەرتاپای ژیانی دەتەنێت کە تەنانەت کاتێک پارووییەک بۆ دەمی دەبات و دوای ئەوەی لە سێکس تەواو دەبێت و کاتێک نیوەشەو بۆ میزکردن خەبەری دەبێتەوە ئەوەی بە مێشکیدا دێت ئیشەکەیەتی و پەیوەندی بە ئیشەکەیەوە هەیە. "دیار سۆفی" دەنووسێت:

سەیرکە چۆن ئیش وشکی کردوومەتەوە

تەمەنی پڕبارانم

بەدەم تێرکردنی کڕیارەکانەوە چۆن سووتا.

بە جۆرێک شکاوم

دڵم نایەتەوە ناو سینگم.

...

ڕۆژانە دوانزە کاتژمێر لە کارم

کات کەڵەکە دەبێ و دەمکات بەژێرەوە.[6]

هاوشـــانی زۆرێک لەو ئومێدە خۆشـــباوەڕانەی کەوا ســـەردەمی تەکنەلۆژیا ئیشکردنی مرۆڤەکان ئاسانتر دەکات، ئەو ڕاستییە وەکوو خۆی دەمێنێتەوە کە هەتاوەکوو کەســانێک ڕۆژانە هەشــت کاتژمێر لەســەر کورســییەک بەرامبەر مێزێک چاو لە شــاشــەیەک ببڕن و کەســانێک لەبەر خاتری بژێوی دوانزە کاتژمێر خەریکی خزمەتکردنی کڕیار بن و دەیان جۆر ئیشــی دیکە کە وزەی مێشــکیی و هەســتوســۆزی کارکەران هەڵدەمژن، ئیشــکردن ئەو هۆکارە پڕوکێنەرە دەبێت کە جەســتەی کەســەکان لەکار دەخات و تووشــی داڕمانی دەروونیمان دەکات. لە جیهاندا و لەو شوێنانەی تەریقەتی بەپیرۆزتەماشاکردنی ئیش تیایاندا بڵاوە، لەو شــوێنانەی ئەو کەســانەی کە ناتوانن لە کارخانەکانی بەرهەمهێنانی شمەک و خزمەتگوزاریدا بەشدار بن لەژێر پێشداوەریدا دەژین و هەندێجار وەکوو مشــەخۆر و تەوەزەل و زیادە لێیان دەڕوانرێت، لەو شــوێنانەدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ "ژیانی جمەدار" جێ بە "ژیانی ئەندێشــەدار" لەق دەکات، هەڵبژاردنی بێدەنگی هەتاوەکوو بێت ئەســتەمتر دەبێت. ژیانی جمەدار خێرایی و ڕانەوەستان و پەیوەندیی نەپچڕاو بە مانادار دەزانێت، ژیانێک تیایدا مرۆڤەکان هەڵپەی ڕاکردنیان بێت بەدوای ئیشـکردن و چالاکی و دەوڵەمەندی، ژیانێک تەنانەت خۆشگوزەرانی و پشوو وەرگرتنیش تیایدا بەستراونەتەوە بە

[6] دیار سۆفی، زمانم دەکێشمەوە، لاپەڕە ١١-١٢. وەشانی نووسیار، ٢٠٢١.

هەمان هاوکێشەی گشتییەوە و وەکوو دەرئەنجامی ڕاکەڕاک تەماشا دەکرێن، بۆ نموونە لەژێر هاوکێشەی ژیانی جمەداردا خانەنشینبوونێکی بێکێشە و پشووپێدەر تەنها لە دوای ساڵانێکی زۆر لە ئیشکردنی بەردەوام فەراهەم دەبێت. فەیلەسووفی ئەڵمانی-کۆری "**بیۆنگ-چەڵ هان**" هەستکردن بە خێرابوون و پەرتەوازەبوونی کات لە سەردەمی ئێستادا دەبەستێتەوە بەو نرخە ڕەهایەی بە ژیانی جمەدار سپێردراوە، نرخپێدانێکی لەو چەشنەش بە بڕوای ئەو دەمانخاتە ژێر جەبری ئیشکردنەوە و ئەوەش دەمانخاتە ئاستێکی نزمتر لە بوون کە بوونمانە وەکو "ئاژەڵی کارکەر".[7] لە بەرامبەردا، ژیانی ئەندێشەدار ئەو دۆخەیە کە تیایدا مرۆڤ دەتوانێت لەسەر دیاردە و ڕوودا و ئەزموونەکانی ڕابوەستێت بەبێ ئەوەی هەست بکات تێڕامان لەکیسچوونی کاتە. بە لای منەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەوەی شاعیران پێویستیانە هەبوونی ژیانی ئەندێشەدارە لەناو، یاخود هاوشانی، ژیانی جمەدار. گرنگە ئەوە بوترێت کە ژیانی جمەدار و ژیانی ئەندێشەدار دژی یەکتری نین هێندەی تەواوکەری یەکترین. ڕاستە کەوا "بیۆنگ-چەڵ هان" لە بەرامبەر ژیانی جمەداردا سەرلەنوێ کاراکردنەوەی ژیانی ئەندێشەدار بە پێویست دەزانێت، بەڵام ئەو کاراکردنەوەیە ژیانی جمەدار ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو وەهای دەبینێت کە دەبێت ژیانی ئەندێشەدار لەخۆی بگرێت.[8] دواجار بڕێک لە داهێنانەکانی

[7] Byung-Chul Han, The Scent of Time, Translated by Daniel Steuer, MOBI, 2009.

[8]"بیۆنگ-چەڵ هان" هەردوو چەمکی ژیانی جمەدار و ژیانی ئەندێشەدار لە "هانا ئارنێت" وەردەگرێت و لە چەند جێیەکدا لەگەڵ تێڕوانینی ئارنێت دەکەوێتە گفتوگۆوە. من لێرەدا بە پێویستم نەزانی ئەو باسە بهێنمە ناو نووسینەکەمەوە.

ژیانی جمەدار بەرهەمی ژیانی ئەندێشـــەدارە و بەبێ ژیانی ئەندێشـــەدار ژیانی جمەدار مارشێکی یەکهێڵی بێمانا دەبێت بەرەو مەرگ.

لە پەیوەندیدا بەم باســەوە، بێدەنگی تووخمێکی بنچینەییی ژیانی ئەندێشــەدارە. ئەندێشــەســازی و تێڕامان و قووڵڕۆچوون بەبێ فەراهەمبوونی بێدەنگی نایەنە ئاراوە. لێرەدە پێویســـتە ئەوە بڵێم کە بێدەنگی بە مانای نەبوونی ڕەهای دەنگ نـایەت هێنـدەی ئـامـاژەیە بە کشـــــانەوەیەکی کـاتیی ورتەورت و ئـاخـاوتنی بەردەوام؛ ئەو بێـدەنگییەی من لێرەدا مەبەســـتمە بێـدەنگییەکە بـارگـاوی بە ئەگەری لەدایکبوونی بیرکردنەوە و داڕشتنی نوێ. ئەوە ئەم جۆرە بێدەنگییەیە کە کۆمەکمان دەکات باشـتر لە خۆمان و شـتەکان تێبگەین. گەر بەم بۆنەیەوە هەوڵی تێگەیشـتن لە "کات" وەکو نموونە بهێنمەوە، نووسـەری ئەمریکی **"جۆن ئێدگار وایدمن"** لە نووســـینێکیدا باس لەوە دەکات کە ئەوە لە ســـاتەکانی بێدەنگیدایە، لەو ساتانەی کە لە نووسین ڕادەوەستێت و لە قەراغ دەریاچەیەکدا لە درەخت و ئاســـمان دەڕوانێت، لەو ســـاتانەی کە بێدەنگی ناخی و بێدەنگی دەرەوەی بەیەک دەگەن کە لە تێگەیشـــتن لە کات نزیک دەبێتەوە.[9] وایـدمن دەکرا بە شێوەیەکی تر بڵێت کە پێشمەرجی تێگەیشتن لە کات بێدەنگییە.

من کە بە درێژاییی ئەم نووســـینە بـاس لە هەڵبژاردنی بێـدەنگی لەلایەن شـاعیرانەوە دەکەم مەبەسـتم لە کردەیەکی ئاگامەندە کە یەکسـان نییە بە متەق لێوە نەهاتن و دەمداخســـتنی تاک لە بەردەم نادادپەروەری و توندوتیژیدا. بە

[9] John Edgar Wideman, In Praise of Silence, Callaloo, Vol. 24, No. 2, The Best of Callalo Prose: A Special 25th Anniversary Issue(Spring, 2001), pp. 641-643. Published by: The Johns Hopkins University Press. Stable URL: https://www.jstor.org/stable/3300543. Accessed: 27-06-2022 01:59 UTC.

لامەوە گرنگە کە لە باسـکردنی بێدەنگیدا نەکەوینە سـتایشـکردنی بێدەنگییەکی نێگەتیڤەوە، واتا بێدەنگییەکی لەرزۆک و سەپێنراو. سەرەڕای ئەوەش، بێدەنگیی شـاعیران گەر بۆ شـاعیران پێویسـتییەکی هونەری و تەنانەت وجوودیش بێت، ڕەنگە لە لای ئەوانی ترمـان وەکوو ئەکتێکی دژەگەل (دژ بە کۆمەڵگـا و پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی) دەربکەوێت. دواجـار بەڕێوەچوونی ژیـانی ڕۆژانە لەســـەر ئـاڵوگۆڕ و بەکـارهێنـانی زمـان وەکوو ئـامێرێکی پەیوەنـدیکردن ڕاوەستاوە. بەڵام ئەمە تەنها لە ڕووکەشدا وایە. بێدەنگی و چرکەساتی بێدەنگی بە ژیانی ڕۆژانە بێگانە نین. مرۆڤەکان برێکی باش کاتی هۆشـــمەندییان بە بێدەنگی یاخود بە دیالۆگی یەکلایەنە لەگەڵ خۆیاندا بەســـەر دەبەن. ژیانی ڕۆژانە بەبێ پشوو وەرگرتنی ناوبەناو لە قسەکردن مرۆڤەکان بەرەو هەڵدێری دەروونی دەبات. لێرەدا جیاوازی بێدەنگی شـــاعیران لەوەدایە ماوەی بێدەنگی لای شـاعیران فراوانتر و پشـوودرێژترە. ئەو ماوەدرێژییە مەرجێکی پێویسـتە بۆ ئەوەی شـــاعیران بتوانن ئەو هەموو وێنە و دەنگ و بەرامە و بەرکەوتن و ڕووداو و هەســـت و بیرکردنەوانەی دێتە ناویانەوە کاری لەســـەر بکەن و بە شـیعریان بکەن. بێدەنگی بەر لە قسـەکردن بوونی هەیە و هەمدیسـانیش لەگەڵ کۆتایهاتنی یاخود ڕاوەســـتانی قســـەکردندا دێتەوە بوون. "**واڵتەر بێنیامین**" دەڵێت، "بێدەنگی سنووری ناوەکیی قسـەکردنە." قسـەکردن لە بێدەنگییەوە سـەر هەڵدەدات و بەرەو بێدەنگی هەنگاو دەنێت. بێنیامین بەردەوام دەبێت و شـتێک دەڵێت کە هێجگار پەیوەستە بە باسەکەمانەوە. گەر بێدەنگی سـەرزەمینێک بێت لەدوای گەیشـتن بە سـنووری قسـەکردن دەسـت پێ بکات، ئەوە لای بێنیامین "کەســـی بێبەرهەم هەرگیز ناگات بەو ســـنوورە".[10] بە پێچەوانەی کەســـانی

[10] Walter Benjamin, Selected Writings, volume 1, 1913-1926. p.7, PDF, 2004.

بێبەرهەم، شـــاعیران کەســـانێکن دەگەن بە ســـنووری قســـەکردن و لێوەی دەپەڕێنەوە بۆ ســـەرزەمینی بێدەنگی و لەوێدا کات بەســـەردەبەن، هەر بۆیە شـــاعیران، بە حوکمی ڕۆیشـــتنیان بۆ بێدەنگی و چنینەوەی شـــیعر تیایدا، کەسانێکی بەرهەمدارن.

دواهەمین خاڵ کە دەمەوێت لەسـەری ڕابوەسـتم ئەوەیە بەدەر لەو تێڕوانینەی شـاعیران وەکوو کەسـانێکی تەنیا و دژەکۆمەڵ دەبینێت، وەکئەوەی شـاعیران کەسـانێک بن خۆشـییەکی نائاسـایی لە تەنیاییان ببینن، ڕاسـتییەکەی ئەوەیە شـــاعیران وەک زۆربەی ئەوانی ترمان بەر غەمی تەنیایی دەکەون و تەنیایی ئازاریان دەدات. لێرەدا هەمدیســـان دەگەڕێمەوە بۆ لای شـــیعرەکانی "دیار سۆفی" بۆ ئەو جێیەی تێیدا هاتووە:

بێدەنگی وەک دەمار لاشەی تەنیوم

پەنجەرەیەک نیە

خۆمی لێ فڕێبدەمە قەرەباڵغییەکەوە.[11]

ڕەنگە جیاوازییەکی شـــاعیران لەوەدا بێت کە ئەوان تەنیاییی خۆیان قبووڵ دەکەن، کە تەنیـاییـان پەنجەرەیەکە لێیەوە لە دۆخی مرۆڤبوون ڕادەمێنن، کە تەنیاییان دۆخێکە هەلی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت هەستەکانیان چڕ بکەنەوە و یادەوەری و بیرۆکە و وێنەکانی ناو مێشـک و خەیاڵیان بە داڕشـتنی شـیعری بنووســـنەوە. لە کۆتاییدا شـــاعیران بێدەنگی هەڵدەبژێرن چونکە مەرجی کات بەسەربردن لەگەڵ تەنیاییدا بێگومان هەبوونی بێدەنگییە.

[11] دیار سۆفی، زمانم دەکێشمەوە، لاپەڕە ١٤. وەشانی نووسیار، ٢٠٢١.